عبدالله ڕەسوڵ علی :

## له نوگرەسەلمان (دانا)ی برازام له باوەشی دایکمدا له برسان مرد، ئازارێکه هەرگیز بیرم ناچێتەوە، چونکه هەتا گیانی تێدابوو بەو ئاواتەوە بوو که تێر سەمون بخوات .

### دیدار: هێمن عەبدوڵا



دانیشتوی گوندی گۆپتە پەم لەکاتی کیمیابارانە کەی گۆپتە پە کە دەکاتە 1988/5/3 دا نزیکەی دوو کیلۆ مەترێك لە گوندەکەوە دوور بووم بەهۆی ئەوەی ئێمە لە ڕەندیخان بووین ،بەلاّم خەبەرمان بۆ هات کەناو دێ کیمیاباران کراوە

هەندێك لە خزم وکەس وکارەکەمان ئامۆزا وبورزامان بەر کەوتوون کاکم وهەندێك لەو خزمانە هاتنە خوارەوە بۆ ناودێ تاهەواڵەکە بزانن . پاش ئەوەی کەهات بونە ناو دێ وچاویان بەو تاوانە کەوت بوو. کە ئەو هەمووخەڵکە بێ تاوانە هەندێکی مرد بووهەندێکی تر کیمیاکە سوتاند بوونی بەشێکی تر لەو خەڵکە شێت بوو بوون هەندیکی تر نادیارە ،دوای ئەوەی گەڕانەوە کاکم وئەوان خۆیان کۆکردەوە ئەوکاتە ئێمە منداڵ بووین .کرد ینیانە ناو عارە بانەیەکی مەکینەوە چاوەڕوانی کۆمەڵێك خزمی تریان دەکرد . وەك دایکی کاك سابیر کە کیمیاکە بەریان کەوتبوو کردیان نە ناو مەکینەکەوە ئەوەی کە هەرگیز لەیادم ناچێ ئەوەیە کاتێك کە دایکی کاك سابیر یان هێنایە ناو مەکینەکەوە تۆزێکی پێ جوو وتیان با داییگرین چونکە مردوە باجێی کەسێکی تر بێتەوە وەرە ئەو حاڵەتەبهێنەوە بیر خۆت لەبەر چاوت دایکت بەبریندارى یان بە مردووی فڕێیدەن ،بڵێن با کەسێکی تر ڕزگار بکەین ئەم تاوانە تەنها ئەگەر مێژوو بزانێت چەندە گەورەیە ،لەهەمان کاتدا پێشمەرگەیەك لەوێ بوو سەری بەسنگییەوە ناو وتی ماوە پاشان باریان کردە وە بۆناومەکینەکە هەندێك منداڵ وژن پیر وئەو دەورو چیرانانە هەموو مانیان کردە ناو مەکینە کەوە شەومان بەسەر دا هات ئێمە کەوتینە ڕێ.

**کاك عبداللە بە پێی ئەوەی کە ئێوە دوور بوون لە شوێنی کیمیاکەوە بە چاوی خۆت بینیت تەیارەکان لە چەند شوێنی گوندە کەیان دا؟**

نا وەك خۆم ئا گادار نەبووم بە پێی پرسیار وجوابی خەڵك چونکە تەمەنم کەم بوو .بەنسبەت ئەوەی منداڵ بووم ،لەلایەکی ترەوە دوریش بووین لە شوێنی روداوەکەوە .کاتێ ئەوان گەڕانەوە وبۆ یان باس کردین زۆر تەئسیری لێ نەکردبێتم قسە کانیان بەحکومی تەمەنە کەمەوە ،بەلاّم کاتیك ئەو خەڵکەمان دەبینی کە کیمیاکە بە ریان کەوت بوو بەچەند شێوە یەك بوون ،هەندێکیان خۆی ئەڕنییەوە گۆشتی لە دەموچاوی دەکردەوە ،یەکێکیانم بینی زۆر بەبێ دەنگی بوو،ئەوە بوو ئێمە کەوتینە ڕێگا کۆمەڵی ژن ومنداڵ کاکم مەکینەکەی لێدە خوڕی بەرەو عەسکەر لەهەمان کاتدا ئەوێش کیمیاباران کرا بوو، ولەڕێگە هەندێك خەڵکمان بینی بەلاّم نازانم خەڵکی عەسکەر بوون پێشمەرگە بوون نازانم ،بەلاّم شەو درەنگ بوو هەموو تاقم وتفەنگیان پێ بوو هاتبوونە سەر جادەکە هەندێك ئەوەستان وئەکەوتن من بەچاوی خۆم ئەوانەم بینی لەجادەکە لایان ئەدا هەتا کاکم دەستی دایە تفەنگەکە و وای دەزانی دێنە سەر ڕێگەکەمان ،بەلاّم ئەوان هیچ ئاگاداری ئەوە نەبوون چونکە ئەوانیش کیمیالێدرا وبوون ،نازانم لە عەسکەر یان لەگۆپتە پە ئەوان کەوتنە لای جادەکە وەو کەسیش لایانی لێنەکردەوە ،دەڵێن رۆژی حەشر کەس ئاگای لەکەس نیە بەلاّم ئەو ڕۆژەش کەس ئاگای لەکەس نەبوو چونکە هەر کەسەو لە

تاو گیانی خۆی هەوڵی دەدا تا خۆی لە مردن ڕزگار بكات ،ئێمە بەو شێوە شین و واوەیلایە بەرەو گوندی عەسكەر چووین، لەوێشەوە بۆ كانی هە نجیر وگۆپاڵە ئەمە گەیشتینە درەنگانێكی شەو بەلاّم كاكم وتی" بەهیچ شێوەیەك خۆمان تەسلیم ناكەین ئەگەر بكوژرێین لەم شاخە .علی پورە ئایشەم گەنج بوو ئەو كاتە كاكم وتی"ئەوتوانی مەكینەكە لێ بخوڕی علی تۆزیك كیمیاكە كاری لێكردبوو بەلاّم باش بوو توانای قسە كردن ومەكینە لێخوڕینی باش بوو وتی"ئەتوانم ئەوە بۆ كۆمەلێك خەڵك كۆبونەوە وجەیشەكەش لەو دیوە وە بوو ئەوان لەدیوی گۆپاڵە بوون ئێمەش لەدیوی كانی هە نجیر بوین، ئەوە بوو بۆ بەیانی خەڵكەكە ویستی هەر كەسەو بەلایەكدا بڕوات بۆ لای كەسوكاری بەلاّم كەهاتین بەم دیوا بۆ دیوی جەیشەكە كەوتینە ناو جەیشێكی زۆر زۆرە وە دەوریان گرتین و دایان گرتین .كۆمەڵێك عەسكەری و من جاش وشتی وام نە بینی لەوێ بەس جوندی وزوبات وعەسكەرییەی زۆر لێ بوو خۆیان ئامادە كردبە بوو كەبێتە خوارەوە ،دوو سێ سەعاتێك ئێمەیان وەستاند وتا ڕۆژ بو وەوە بوو بەكێشتە نگاوێكی درەنگ هەر بە مەكینەكانی خۆمان سەر كەوتینەوە و هەر مەكینەو جوندیە ك یان دوان لەگەڵمان سوار بوون وەك ئێستاش لەیادمە كە ڕۆیشتین لە گۆپاڵەوە لەنێوان گۆپاڵە وتاسڵوجە علی دەروێش سمایل لەگەل براهیم ی پوری عەسكەر بوون هەر شەهید بوو لەو سالآنەیا هەردووكیان خۆیان فڕێدا و ڕیانكرد جوندییەكە دوو فیشەكی بە ئاسمانەوە نا بەلاّم ئەمان نەگەڕانەوە ئەمان هەر دوكیان گە نجی زۆر زیرەك بوون سوپاس بۆخوا ئەو دوو گە نجە هەر دوكیان دەرچوون وكێشەیان بۆ دروست نە بوو نەسرە تمان وا ڕوخا بوو سی چل كەس لەعارەبانەیەكدا بووین یەك جوندیمان لەگەڵ دا بوو كەس جورئەتی ئەوەی نە بوو دابەزێ و ڕابكات لەهەندێك شوێندا زۆر ئاسای بوو بۆ نموونە دایكی كاك دلێر لەتاسڵوجە پلاستیكێك جوجكە قەلیشی پێ بوو دا بە زیوو زۆر یش تەبیعی بوو هەستیشی پێنە كرد جوندیەكە لەوكاتە دابەزی مەكینەكە تۆزیك هێواش بوو دابە زیو هەندیك تەلەبەی لێ بوو چووە ناویانەوە و چوار دەوریان گرتوو خۆی بزر كرد جوجكە قەلەكانیشی ڕزگار كرد ،ئەوە نازانم چۆن قەلەكانی هێنا بوو بەلاّم كە دابەزی بە پلاسیكەكەوە دابەزی ،ئێمە هەر بە مەكینەكانی خۆمان بەرە وقەلاّكەی سوسی پیرەمەگرون ئەو قەلآییەی تائیستا ماوە و ئیستا كراوە بە گرتوخانەی فیدراڵی سوسێ ،كە گەیشتینە ئەوێ چوار دەورەیان گرتین و كۆمەڵی جوندی تیدا بوو ناو قەلاّكە شتی تالآن كراوی گوندەكانی تیدا كۆ كرا بوو نەوە جوندیەكان خۆیان ڕوت كردبو وەوە بە دوای كیسك و ئەو ژەلآنە دەكەوتن كە هینرا بوون ،لەلایەن جیشەكەوە ،كەچوینە ئەوێ وامان دەزانی خزمە تمان دەكەن چونكە مانگی ڕەمەزان بوو منداڵكی زۆری تیدا بوو پیرەكان زۆر بەیان بەڕۆژو بوون

## تۆئەوكاتە تەمەنت چەند بوو؟

من ئەوكاتە تەمەنم 12سالآن بوو.

## چەند كەسی هاوتەمەنی خۆت لەگەڵدا بوو وەك بیرت بێت ؟

من وەك ماڵی خۆمان عومەر برام و دارا و دانا و كوڕەكانی پورە ئایشەم محمود و دارا و سعیدی حاجی عبداللە كەئەمانە هەموو تەمە نمان لە یەكەوە نزیك بوو وە عوسمانی حاجی عبداللە كۆمەڵێك منداڵی ترمان لەگەڵ بوو خوار تەمەنی هەشتاكان بەشێوەیەكی زۆر ناشرین دایان بەزاندین ئەوهەموو پیر ومنداڵە هەمووی برسی وهیلاك وماندوو گەرمایەكی زۆر كەدایان بە زاندین ئاماژە یان كرد بمان كەنە ئیڤای عەسكەر یەكانەوە بە مەرامی ئەوەی ئیڤاكان كەس ناتوانی ڕبكات یان بۆ خۆ دەرباز كردن لەمەكینەكان زەحمەتتر بوو، لە لایەكی ترەوە دوو سنف لە منداڵ و پیرەكان بۆ سوار بوون و دا بەزین زۆر ناخۆش و زەحمەت بوو بەهۆی ئەوەی ئێمە لەناو خزم وكەس وكار و پێشمەرگە دا ژیابوون بۆ ئێمە شتێكی نامۆ بوو، هەر چۆنێك بوو هەندێك لە خەڵكەكەیان كردە ناو ئیڤاكانەوە ئەوەندەی جێگای بوو، وەك ئیستا لەبیرمە بەشیوە یەك جوندیەك تفەنگە كەی ڕا كیشا بۆ ئەوەی هەر كەسێك سوار نەبوو بی كوژێت

خۆمن لەقسەکانی تێنە دەگەیشتم بەلاّم بە ئاماژە کانی دەم زانی دەڵێ جی بڕوابکە ئەگەر ئیڤایەك سی کەسی بگرتایە ئەوان لەوانەیە بڵێم هەشتا کەسیان زیاتر تێدەکرد تۆ وەرە ئەو حالە تەبێنە بەر چاوی خۆت ئەو هەموو منداڵ و پیر و پەك کەوتەیە لەچێکە یەدا دەبێ حاڵمان لە چ ناخۆشیەکدا بوو بێ هەرگیز من ئەو حالەتە نا خۆشانەم بیر ناچیتەوە هە کاتێکیش دیتەوە بیرم لە حالێکی زۆر خرا پدا دەژیم بەتاییەت لەکاتی بۆنەو یادەکانی ئەنفال وکیمیابارانەدا بۆیە زۆر جار پیم باش نیە یادەکان بکریتەوە چونکە دەبێتە هۆی کولانەوەی برینەکان ،سوار بونی ئەو هەموو خەڵکە لەئیڤایانەدا لەخۆشیا نەبوو بەڵکو لەترسی ئەو ئەتفەنگەی کەجوندیەکە رای کێشا بوو لەو خەڵکە فەقیرو برسی وداماوە ئەو هەموو وەی لەیەك دوو ئیڤادا چیگە کردەوە

## ئەوانەی لەگەڵ ئیوە سواری ئیڤاکان بوون، هەموو یان خەڵکی گۆپتە پە بوون؟

بەڵێ ئەوانەی لە گەڵماندا بوون زۆر بەیان گۆپتەپەیی بوون، ئێمە ئەو سێ مەکینەیە بووین هەمومان خەڵکی ناو دێ بووین بە منداڵ و پیر وگە نجەوە

**دوای ئەوەی لەقەلاّکەی سەسێ سواری ئیڤاکان بوون بەرەو کوێ بران؟**

بەهەمان ڕێگەدا کەهێنا یانین بۆ تا سلۆجە و پاشان بەرەو سلێمانی

**ئەتوانی باسێکی ئەوەمان بۆ بکەیت بزانین لەسلێمانی ژیانتان چۆن بوو یان هەڵسوکەوتی جوندی وعەسکەریەکە لەگەڵتان چۆن بوو؟**

وەزعی سلیمانی باشتر بوو بەهۆی ئەوەی خەڵکەکە زۆر هیلاك ومانـدو بوون و زۆریش ترسابوون ئەگەر خەڵکانێکی چاو کراوەی تێدا بوایە ئەوا بەئاسانی دەیتوانی خۆی ڕزگار بکات پیشی ئەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین تەلێکی بێوە بوو وەك وتم خەڵك کورد وتەنی قەڵەمی دەست وپێمان شکابوو لەدڵی خۆماندا وامان دەزانی ئەو خەڵکەی لە دەرەوەی شوێنەکەی ئێمەن بەماڵە کانیشەوە هەموو یان بەعسین و دەماگرن ودەمان هێننەوە بۆ ئەوشوینە .نزیکی شەو ڕۆژێك لەوی ماینەوە وبەبێ جیاکردنەوە هەر بەکۆمەڵی چۆن ئێمە لە گەڵ دایك و برا و خزم و کەسەکا نماندا بوون لەوێش هەر ئاوابووین،

بۆ بەیانیەکەی پێم وایە بە کۆستەر بە ڕێیان کردین بەرەو تۆپ زاوا بەراستی مە ئەساتێك لەو تۆپ زاوایە ڕویداوە هەر گیز لەفز ناتوانێ بیگێڕێتەوە

## ئەو شتەی هەرگیز لە یادت ناچێتەوە لەتۆپ زاوا چی بوو؟

زۆر شت هەن بەلاّم ئەوانەی لە نوگرەسەلمان ڕویان دا تاخۆڵ نەکرێتە سەر ئەوچاوانەم بیرم نا چێتەوە .!کاتێك ئێمەیان دابە زاند ئەوەی لەیادم ناچێ ئەوە بوو چۆن کەسێك گوڵ بژێری شتێك بکات ئاوا کەتنە ناو خەڵکە کەوە گەنج و پیر ومنداڵ و ژنیان لە یەك جیا کردەوە بەگریان بە باوکە ڕۆ

ئێمە بەنسبەت ئەوەی باوکمان نە بوو هەر لەگەڵ دایکم دا بووین جیایان نەکردینەوە هەر لەگەڵ دایکم ماینەوە ،یەکەم جار دایکمیان هەڵنەستاند بەلاّم پورم و پیرەکان وەك حاجی عبداللە وحاجی أحمد جمیل وکاکە عبدول شیخ مەجید ئەمانە یان لەئێمە جیاکردەوە دایکم کاتی خۆی تەسکەرەکەی گەورە کرا بوو بۆ ئەوەی شمولی محلومیە نەکات کاتێك دایکم تەسکەرەکەی دایە دەستی سەیری کرد یەکسەر دایکمی هەڵساند نزیکەی بیست مەترێك لەئێمە دوور کەوتەوە وبانگی کردین بەلاّم هیچمان نەچووین نەمن نەعومەر نەدارا نەدانا هەر دانیشت بووین وتمان ئێستا تۆ دێیتەوە ئێمە بۆچی بێین من عومەر و سعید و دارا و دانا هەر دانیشت بووین چونکە سە رەتاش بوو زۆر هەستمان بەناخۆشیەکەی نە دەکرد سەرەتاش بوو هیچیسمان نەبینی بوو بەشێوەیە کەجێگەی ترس بێت مردنێك لێدانێك ئەوانەمان نەبینی بوو دایکم تۆزیکی تر ڕۆیشت و دوسێ کە رشەتی تر ناوە خوای هێناو هەر دەیگوت وەرن من وسەعید وعومەر و دارا و دانا هەر بەڕاکردن ڕۆیشتین قاعەییەکی زۆر گەورەی تێدا بوو ئێمەیان کردە ناو ئەو شوێنەوە هەموو پیر و ئەو منداڵانەی هاو تەمەنی ئێمە بوون لەوێ بوون دوای داخستنی دەرگای قاعەکە مەرگەساتەکان

زیاتر بوون ،باوکەرۆ برام رۆ دایك هاواری مندالّی دەكرد باوك هاواری كوڕی دەكرد مندالّ لە برسان ولە ترسان زریكەی دەگەیشتە ئاسمان،ئێمە دوو شەو لە تۆپزاوا هێلّدراینەوە بەو دوو شەو جیا كردنەوەمان كۆتای پێهات، واتر (مونشئە )[1]یان هینا نایان بە قاعەكانەوە ئەو قاعەیەی ئێمەی تێدا بووین هەمووی ژن و پیاوی پیر وكەمێك لەمندالّ لەوەیە لە هاوتەمەنی من بیست كەسی تێدا نەبووبیّ،لەبەر ئەوە هەمووی لەناو گە نجەكاندا بوون.ئەوەی زۆر بەلامەوە ناخۆش بوو كاتێك ئێمەیان باركرد و سواری سەیارەكان بوین لەحەوشەكەدا رەمزییەی خوشكم لەگەلّ كچەكەیدا لەگەل محمودی پورە ئایشەم دا لەدەرەوە بون گە نجە نەكرا بوونە قاعەكانەوە پیرەكانیان رەوانەی نوگرەسەلمان كران ،بەراستی شێوەیەك لەنێوان دایكم ورەمزییەی خوشكم روویدا بگرە نەك ئێمە بەلّكو خەلّكی تریشی نیگەران كرد لە ناو موشائەكە دا پورە ئایشەشم چونكە هەر ئەو كوڕەی لەگەلّدا بوو گریانێك دەستی پێكرد وەك ئەوە وا بوو بەدیار جەنازەوە بگرێن مەموو خەلّكەكە دوای چەند دەقیقەیەك چاومان لەیەك بزر بوو كە كەوتینە رێ لە تۆپزاوا بۆ سەماوە، ئەوشارە خەلّكێكی زۆر باشی تێدا بوو، جاهەر چیەكن عەربن یان هەر نەتەوەیەك لە هەموو پەنچەرەی ئەو سەیارەیەی ئێمەی تێدا بووین خواردنیان بۆ هەلّدەداین لە نان وبسكیت بۆخۆم لەو پسكیتەم خواردوە، ئەوەی زۆر بەلامەوە خۆش بوو هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە ئەو پەنچەرەیەی دایكم لەنزیكیەوە دانیشت بوو یەك عەلاگە بسكیتیان هەلّدا و كەوتە باوەشی دایكمەوە تێرمان لێخوارد، نازانم ئینجا شەو رۆژێكمان پێچوو ئینجا گەیشتینە نوگرەسەلمان

## لەنوگرەسەلمان چی رویدا چیت بینی و چیتان بەسەر هات ؟

كە گەیشتین هەمووی پیر بوو گە نجی لێنەبوو حەڤدە یان هەژدەی مانگی رەمەزان بوو، هەتا رەمەزان تەواو بوو خزمەتێكی زۆر باش كراین دوو ژەمیان شلەو برنج ، [2]ژەمێكیان ماستێكی قوتوو سەردا پۆشراو، هەبوو بۆیان دەهێناین هەموو قاعەیەك مەنسولێكی خۆی هەبوو مەنسولەكەی ئێمە ناوی كاك جەلال بوو خەلّكی ئەم شێخ مزێنیەی خوارێیە

## ئەو جەلال ناوە هەر لەویّ بوو یان ئەویش لەگەلّ ئێوە هێنرا بوو بۆ نوگرەسەلمان؟

بەلّی ئەویش هەر لەگەلّ ئێمە بوو بەلاّم نا زانم خەلّكی كانی هە نجیر یان گەلّناغاج بوو كۆمەلّێك لە ژنەكان وەك دایكم و ئەوان خواردنەكەیان دروست دەكردوو دواتر ئەو كاك جەلالە بەسەر خەلّكەكەدا دابەشی دەكرد تا چەژن تەواو بوو دواتر قسسەیەك لەناو خەلّكەكە دا بلاّو بوو وەوە كە هەموو شتەكان بهێننەوە هەمووتان بەر دەدرێن هەر لەخواردن ومە نجەلّ وقاپ وغاز وهەموو پێداویستیەكان یان لابرد دلّمان زۆر زۆر خۆش بوو مندالّ و پیر و ژن پیاو هەموو بەیەكەوە شتەكا نمان بردە ناو مەغزە نێكەوە و قوفلّێكیان لێداو تەوا دوای ئەوە نەهامەتی دەستی پێكرد هیچ شتیك كە پێی بوتری خواردن نەما .لەو قاعانە دا ئاویك هەبوو بەدار سەرەكانیان گرت بەتەنكەر ئاومان بۆ دەهات تۆ بێهێنە بەرچاوی خۆت ئەو هەموو خەلّكە لەسەرە دا بوەستی بۆ ئاو نەخواردن هەبوو رۆژانە سەمونێك لەگەلّ هەندێك ئاوی شۆر وگەرم تامی زۆر ناخۆش تەنها هەستت دەكرد كە تۆزێك دەمت تەر دەبیّ وهیچی تر ئەگینا تونیەتیت بە ئاوە نەدەشكا ،جارێكیان ئاوی تەنكەرەكە درەنگ هات كونێكی بچوكی تێدا بوو ناو قاعەكە بۆ دەرەوە

---

[1] لەبەرئەوەی زوربەی ئەنفالكراوەكان بە پاصی درێژ گواستراونەتەوە بۆ بیابانی عەرعەرو قوربانیەكان بەو پاصانەیان تووتووە (منشە) منیش هەر ئەوە ووشەیەم پێباشتربوو كە لەزاری خۆیانەوە وەرمگرتووە.. دەنا مەبەست لەوپاسانەیە كە ئەنفالكراوەكانی لە تۆپزاواوە پی گواستراوەتەوە بۆ نوگرەسەلمان و شوینانی تر .

[2] – لێرەدا تاوپەری مەینەتی لەقسەی ئەم قوربانیەدا هەستپێدەكەین، بۆچی ؟ لەبەرئەوەی لێرەدا دەردەكەویّ كە بەندیەكان زۆر برسی و تینوكراون، وەک دەبینین پێدانی برنج وشلە والەم بەندكراوە دەكات كە ئەوژەمە خواردنانە (باشترین خزمەت) باس بكات، لەكاتیكدا برنج وشلە خواردنی زۆرسادەوساكاری هەژارانی ولات بوو بەتایبەتی سالی 1988 .

بڕوابکـەن بەئاسـانی نـەم دەتـوانی بچـمە ئـەو دیـوە وە هـەڵیان بـڕیتم بـۆ ئـەوەی بچـم بـە قوتـو ئاوبـدەم بـە خەڵکەکـە چـونکە ئەوبەیانیـە تەنکەرەکـە درەنـگ تـر هـات لـەڕۆژانی تـر کاتێـك کـە جوندیەکـە هـات نـەم تـوانی بچـمەوە ژورێ کاتێـك لـەو دیـوەوە هـەڵیان بـڕی بـووم لـەم دیـو کـەس نـەبوو هـەڵم بڕێ،بـەلاّم زۆر ترسـام چـەند منـداڵ بـووم زیـاتر ترسـام کـەهات بەلامـدا دانیشـتم و هەنـدێك سـەیری کـردم وهـیچ قسـەی نـەکرد دواتـر دەرگـای قاعەکـەی لـە خەڵکەکـە کـردەوە وهـەموو هـاتن بـۆ ئـاو بڕکـردن و بـەوەزعیکی زۆر نـاخۆش ئـەو ئـاوە شـۆروگەرمەش بـەر نەدەکـەوت ، دواتـر هـاتن سـەدادەی ئاسـنیان هینـا بـۆ ئـەوەی خەڵکەکـە نـەتوانی سـود لـەو ئـاوە وەر بگریـت خەڵکەکـە مەویسـت بـوون لـەوەی ئـەو ئاوەنـەما تـۆ وەرە لـە دەهـەزار کـەس کەمنـداڵ و ژن پیاو پیر وگەنج چاوەروانی ئەوتەنکەرە ئاوە بوون

دەگێڕنەوە کە برازایەکت بەناوە ﴿دانا ﴾لەنوگرەسەلمان لەبرسان و لەتونێتی دا گیانی سپارد بەداوای لێبوردن دەین کە دەتگێڕینەوە بۆ ئەو سەردەمەوە ئەو برینەت دەکولێنینەو بەلاّم لێرەدا دەمانەوی روداوەکە وەك خۆی بگێڕینەوە ..؟

چیرۆکی داناحەسەن زۆرناخۆش بوو چونکە دانا ئەوکاتە تەمەنی چوار سالاّن بوو منداڵێکی زۆر زیتەڵەو وریا بوو جێگەی خۆی لەدلی هەموواندا کردبووەوە لەسەرەتادا تاخواردن هەبوو حاڵی باش بوو بەلاّم، دوای ئەوەی خواردن نەما، بەهۆی ئەوەی تەمەنی کەم بوو نەیدەتوانی بەرگەی ئەودۆزەخە بگرێیت ئەوەی لەبیرم ماوە زوو زوو بەدایکمی دەگوت: بۆ کاکم نایا بمان باتەوە ئەوان بە ( باوکیان دەگووت کاکە ) دایکیشم راستیەکەی پێنەدەگوت وماوەکەی بۆ درێژدەکردەوە و دەیگوت : ئەم ڕۆنا بەیانی بۆ ئەوەی لەبیری بچێتەوە دواتر هەردەیگوت: سابون نەدەهاتە سەر زمانی بەتەواوەتی بلێ صەمون تامردیش هەر نەیتوانی تێر سەموون بخوات بۆیە پاشماوەیەك لە برسێتی وتینوێتی کاکە دانا لەباوەشی دایکمدا مردو ڕوحی پاك و پە پولەیی بەرەوئاسمان فڕی .

بەلاّم بەشێوەیەك خۆمان وخەڵکی ناو قاعەکەش نیگەرانکرد، زۆرشتی وتووە کە بەردەوام لەیادمە ئەویش کاتێك بەدایکمی دەوت بۆ کاکم نایات ؟ با کاکم بێت بمان باتەوە نەنەسابون دەخۆم کەبەسەمونی دەوت،نوگرەسەلمان یادەوەری زۆر قورسی تێدایە گەر یەکێك بتوانی بیگێڕێتەوە .

شەوانە جوندیەکان لەنزیك خۆیان سەعات 8بۆ10 tv یەکیان دادەنا بۆمنداڵەکان سەیرمان دەکرد کەناڵەکان هەمووی عەرەبی بوون خۆ هیچ تێنە دەگەیشتین بەلاّم هەر به لامانەوە خۆش بوو،خەتێکیان بۆ دیاری کردبووین دەیان وت" لەخەتە نەیەنە پێش کە ئەوان دەڕۆیشتنە دەرەوە تائەوان دەگەڕانەوە ئێمە لەگەڵ منداڵەکان دەچووینە نزیك tvیەکەوە کە ئەهاتە دەرەوە سافیرەی لێ دەدا کەئەو سافیرەکەی لیدەدا تا ئەو دەگەیشتە دەرگەگە دەبوو کەس لە حەوشەکە دا نەمایە کۆمەڵێك ڕیش سپی وبەتەمەنی تێدا بوو نەیان دەتوانی یان بەقسە کردنەوە خافلاً بوون لەکێك لەوانە کاك مجیدی خۆمان بوو چاوەڕوانی ئەوانی نە کرد و دەرگاکەی داخست وئەوانی گەڕاندەوە بۆ حەوشەکە ئەمان بەم نەهامەتی وبرسێتی وهیلاکی بەکچ وکوڕ کوژراویەوە کە لەجێگەی خۆیان ئەو هەموومالّ وسامانەیان بە چێهێشتوە ئێستاش لێرە ئیحتیاجی یەك پارچە سەمونن، هەموویانی گێڕایەوە ووتی دەبێ شایم بۆ بکەن بەتەئکیدی نازانم چەند کەس ئەبوون بەلاّم نزیکەی 10بۆ 12بۆ13 کەسێك دەبوون بیهێنەرە بەر چاوی خۆت پیرێك هیچ لەهەناویدا نەبێ بەو هەموو مە ئەسات ناخۆشی ونەهامەتیەوە پێی بلێی دەبێ شای بکەیت ئەبێ چۆن بێت ئەمە نازانم پلەی چی بوو بەلاّم ئەوەی ویستی بەو پیرانەی کرد خۆ هەر چەندە شاییان پێنەدەکرا.دوای ئەوەی شایی تەواو کرد وتی دەبێ یەکتر بکەنە کۆڵ ئە ها خۆمان پێی دەڵێین پشتە ڕەقێ پیرێك پیرێکی تر بکاتە کۆڵ ئەبێ چۆن بێت زۆر بەیان بەسەرا بەردەبوونەوە چونکە توانایان نەبوو ،دواتر چاوی کۆمەڵێکی بەستەوە و دەیگوت دەبێت لەسەر سك بڕۆیت تەنکییەکی لێ بوو ئەوانەی کەچاویان بەسرا بوو تا سەریان بەری نەکەوتایە نەیان دەزانی . شتێك کە زۆربەی چار گێڕاومە ڕۆژێك من و عومەری برام لەم بەرو ئەو بەری قاپیەکە دانیشتبووین نزیکەی سەعات 10 بوو بەلاّم گەرمای ئەوی زۆر بەتین ولە ئەندازە بە دەر بوو لە بەر چاوت وەك سەراب وا بوو هەردووکمان دانیشت بووین ئەوان خۆیان سەمونیان دەگواستەوە ئیستیعلاماتێك هەبوو لەم بەر بۆ ئەو بەر من سەرم نابوو وە کۆشی خۆمەوە عومەری براشم لەو لای منەوە خۆی خەریك کرد بوو سەرم هەڵبڕی کەسێك بەدیار سەرمەوە بوو سەمونێکە بە دەستەوە بوو سەمونێکی دا بەمن و دانەیەکیشی دا بە عومەر لەو برسێتیە دا ئێمە یەکی سەمونێکی پێدایـن زۆر بە لامانەوە خۆش بوو هەر لەوێ سەمونەکا نمان خواردوو نەمان بردەوە بۆ لای دایکم و ئەوان ئەو سەمونەی کەخواردمان وامان دەزانی هەموو ئەو دونیایە هی

ئێمەیە ئەوەی کە زیاد ناخۆش بوو ئاوەکە بوو هەرکاتێك ئەو ئاوەم دەخوارد لێوم توێکی پێوە بوو سوێریەکی وای هەبوو چا باسی گەرمییەکەی ناکری

مەسەلەی سەگەڕە شەکەی نوگرەسەلمان جی بوو زۆربەی ئەوانەی کە لەوێ بوون باسی دەکەن ؟ یان مردنی بە کۆمەڵ لەناو ئەقاعانەی خەڵکەکەی تێدا بوو؟

نوگرەسەلمان بە تەنها بەس سەگێکی ڕەشی لێنە بوو کۆمەڵە سەگیکی بەرەڵای لیٚ بوو کە لەسەر لاشەی مردوەکان بوون من وەك خۆم خەڵکێکی زۆرم نە بینی بەیەکەوە بمرن بەلاّم دانای برا زام لە باوەشی دایکم دا مرد وباوکی حەکیم ومەجید مام حوسێن ئەویش هەر لەوێ مرد هەر خۆشم خەبەرەکەم بە ناو قاعەکەدا بلاّو کردەوە من یاریم دەکرد وتم مام حوسێن لەوێ کەوتوە وتیان ئەوە هەر لەوێ دەخەوێ وتم نا ناجوڵێتەوە کاتێك حاجی عبدالله وان هاتن وتیان مردوە من خۆم دووتا سێ چار لەگەڵ جەنازە کان چوومە تە دەرەوە لەگەڵ ئەو عارە بانەیەش کە پیسی ناو قاعەکەی پاك دەکردەو منداڵ پاڵیان پێوەدەنا ئەچوینە دەرەوە بەتەنها یەك سەگ نەبوو چەند دانە یەك بوون ئەوانەشی تەرمەکانیان دەبر دەدەرەو لەبرسان نەیان دەتوانی ئەرزەکە قوڵبکەن ومردوەکان بشارنەوە خۆ خاکی ئەو جنوبەش هەر لم بوو شتیکت دا بنایە دوای تۆزیك بەلم بزر دەبوو تەمەکان لەوانەیە ئەژنۆیەك خۆڵەکەیان هەڵدەدایەوە ودواتر مردوە کەیان دەشاردەوە دواتریش لەدوای خەڵکەکە سەگەکان هەڵیان دەدایەوە

تۆ یەکیك بووی لەوانەی کە لەنوگرەسەلمان گەڕیتەوە ئەکرێت باسی شێوازی ڕزگار بونەکەی خۆتمان بۆ بکەیت لەکاتێك دا زۆریك لەوانەی لەتاوانی ئەنفالدا زیندە بەچاڵ کران وبیٚ سەرو شوێن کران ؟

ئەیان وت " ئەو کەسانەی منداڵیان لەگەڵدایە ناونوسیا دەکەن نەشیان دەگوت بۆ بەر بوونە ئەیان وت بۆ نابەحرە ئەیان کەنە ناو بەحرەوە ئەوی لەیادم بێت ئێمە دوا عیلەی نوگلرەسەلمان بووین  کە خۆمان ناو نوسکرد دایکم ڕێگەی نە دەدا دەی وت نایەڵم منداڵە کانم  بخەنە بەحرەوە ئەوکاك جەلالەی کەمسئولی قاعەکەی ئێمەبوو بەدایکمی وت گەر ئەو هەموخەڵکە بۆ ناو بەحر بوو با ئێوەش لەگەڵ ئەوان بن ئەگەر ئازادیش بکرین بالەگەڵ ئەوان جیانەبنەوە بەو شێوەیە دایکم قەناعەتی کرد ناوی خۆمان نوسی پورە ئایشەشم لەگەڵماندا بوو بەلاّم ئەو منداڵی لەگەڵدانە بوو ئەوەی منداڵی لەگەڵدا نەبوایە نەیان دەهێشت بێتە دەرەوە لەناو قاعەکە قاپیەکە هەبوو ئەوەی ناوی دەنوسرا دەیان کردە ئەو دیوەوە ودایان دەخستەوە  پورە ئایشەم لەگەڵ ئێمەدا بوو کەهاتنە ناومانەوە گەڕن وپرسیاریان کرد کیٚ منداڵی پێیەوکیٚ پێی نیە چەندی لەگەڵ دایە  پورە ئایشەم نازانم خەریکی چی بوو زابتەکە حەیزە رانێکی پیٚ بوو تا توانیتی دای بە پشتی پورە ئایشە دا زۆر بەقوەت  پورم بەو هیلاکەتیە و بەو برسێتە وبە پیریەوە باوکە ڕۆی کرد پێی وت کوامنداڵ بۆ تۆ منداڵت پێنیە وهاتوی بۆ ئێرە ؟دایکم قەدەری خوا بۆی هێنا ووتی"ئەوە منداڵی ئەوە بە دارای وت دارا یان کرد بە کوڕی  پورە ئایشە وجیایان کردەوە لەئێمە ئەو شوێنەی ئێمە یان لیٚ جیا کردەوە چەند پەیژە یەك دەچووە خوارەوە و گیرا بوو پیسای وشتی وایان تیٚ دەکرد ئاماژەیان بەوە دەکرد لەژێرەوە گەنجی تێدا یەو قاپیی تری هەیە بەلاّم من ئەوەم نەبینی وابزانم شەویك ماینەوە ودواتر موشائەی گەورە گەورە یا هیناو خەڵکەکە یان تێکرد پیاویکی پیر لەناو موشائەکەیا نازانم جولاّیەوەیان نا زابتیکی تێدابوو تا توانیتی شەقێکی لەپیرە پیاوە داو بە دەما خستی ئەو بەسەتەزمان جوڵەی لێبڕاو کەوت دواتر بە چەند کەسێك خستیانەوە شوێنەکەی خۆی

بەڕیکەوتین بەرەو سەماوە هەندێك گەنجی تێدابوو کەتەمەنیان دەوروبەری 40 ساڵ بەرەو سەر بەداخەوە ژنێك لەوکاتەی دەهاتینەوە کە ئێمە واما دەزانی بۆ ناو بەحرە لەناو ڕێڕەوی پاسەکەدا گیانی لەدەست داو کۆچی دوای کرد ، هەر لەوێ دایان گرتوو نازانم بەلەدیە ناشتیان ئێمە بەجێمان هێشت ،هاتینەوە بۆ تۆپ زاوا هەمان شوێنی کەلیٚوەی هاتبووین .من بەیەك تاك پێلاّوی سپیەوە هات بوومەوە وە ئیستا لەبەر چاومە کەهاتینەوە چەمچەماڵ  بەلاّم نازانم کویٚ بوو کۆمەڵێك  خزمەتی باشیان کردین هەرکەسەو خزم وکەسی خۆی دەهات و دەی بردەوە ئەوەی زۆر منی خۆشحاڵ کرد ئەوە بوو لەچەمچەماڵ یەکەم کەس کەبینیم وناسیم عەزیزی شەهید حمە امین بوو چونکە یەکێك بوو لە هاوڕیٚ خۆشەویستەکانی منداڵیم خۆی بە پەنجەرەکەی لای مندا هەڵواسی وچاوم بەو کەوت ،

تۆ بە پێی ئەوەی کەتەمەنت ئەو کات 12ساڵان دەبوو زۆربەی ڕوداوەکانت بەباشی بیر ماوە لە کەس و خزم وخێزانی خۆت چەند کەستان لەتاوانی ئەنفال و کیمیابارانی گۆپتەپە دا لە ناو چوون ..؟

کۆمەلێکی زۆر لەخزم وکوسی نزیکم لەناو چوون بەلاّم مالی خۆمان ئەم کەسانە بوون

1. ئەمیرە ڕەسوڵ علی خوشکی
2. سەمیرە رەسوڵ علی خوشکی
3. ڕەمزییە ڕەسوڵ علی خوشکی
4. حەسەن ڕەسوڵ علی خوشکی
5. دانا حەسەن ڕەسوڵ برازای ( لەنوگرەسەلمان لەبرسان گیانی سپارد

**ساڵی چەند گەڕانەوە بۆ گۆپتە پە ؟**

کۆتای ساڵی 1993 گەڕینەوە بۆ گۆپتە پە

**دوای گەڕانەوەی خەڵك بۆ ناو گۆپتە پە باس لە بوونی چەند گۆڕێکی بە کۆمەڵ دەکرێت لە ناو گۆپتە پە تۆ هیچ کام لەوانە ئاگادار بووی ؟**

بەلێ لەچەند شوێنێك وەك شایە تحاڵ ئاگادار بووم یەکیك لەوانە دۆزینەوەی سێ تەرم لەناو حە وزی مزگەوتەکەدا لێرەو لە وێ سالآنە لەگەڵ ئاوە دانکردنەوەی ناو دێیەکەدا تەرم دۆزراونە تەوە ساڵی( 2000 ) یش لەشوێن خانوی ماڵی کاك جەبار دا تەرمی 10 کەسی تر دۆزرانەوە کەلەکاتی کیمیابارانەکەی گۆپتە پە دا شەهید بوون دوا تەرمیش لە2010/5/4دۆزریەوە لەشوین خانوی ماڵی حاجی محمد لەکاتی پاککردنەوەی شوێن خانوە کۆنەکەیان و بۆ چارێکی تر سەر لەنوی دروست کردنەوەی

**هیچ کات بیرت لەوە نە کردۆتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان بچیتەوە بۆ تۆپ زاوا یان بۆ نوگرەسەلمان ؟**

بەدڵنیاییەوە زۆر حەز دەکەم بەلآم ژیانم پارێزراوبێت ولەوانەیە کەسانێك کە ئە ئازار و ناخۆشیە وەك ئێمە هەست پێنەکەن کەئێمە خۆمان لەناو واقیعەکە دا بووین هەرکاتێکیش بۆم بگونجێ حەز دەکەم بچم بۆ نوگرەسەلمان